# توركيا، پەكەكە و خەباتی چەكداری

**ئەمجەد شاكەلی**

دەوڵەتە داگیركارەكانی كوردستان، چ بە شێوە و قەوارە و بیچمە كۆنە مێژووییەكانیانەوە و چ بەم سیمایەی ئێستایشیانەوە، بە درێژایی مێژوو و بیرەوەری و هەر لە دێرزەمانەوە، هەمیشە سەیری گەلی كوردیان وەك خەڵكێكی سەربەگۆبەن و ئاژاوەگێڕ و كێشەسازكەر (Troublemaker) كردووە و دەكەن. تورك، تاكەتاكەیەكی وەك ئیسماعیل بێشكچی لێ دەرچێت، لە هیچ سەردەمێكدا كوردی وەك نەتەوەیەك نەناسیوە و هەردەمیش هەوڵی تواندنەوە و لەنێوبردنی داوە.
لەم دوا كێشەیەی نێوان توركیا و باشووری كوردستان، كە بیانووەكەی لە لایەن توركیاوە، پارتیی كارگەرانی كوردستانە و لە ڕاستیشدا كێشەی توركیا و هەموو كوردە چ وەك كۆمەڵ و چ وەك تاك، نەك تەنێ پارتییەك و بەشێكی كوردستان یا بەشێكی كورد، ئەگەری هێرشی لەشكریی توركیا بۆ، سەر باشووری كوردستان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە ڕاستییەوە نێزیك بوو و نێزیك دەبێتەوە و ئێستاش نەڕەویوەتەوە.
لەگەڵ بەرزبوونەوەی بارۆمیتری تووڕەیی و كەللەییبوون و هەڵچوون و پشووسواری و دەنگی توركدا، سەركردەیەتیی سیاسی باشووری كوردستان، دەنگی خۆی تا ڕادەی نق لەخۆبڕین نەوی دەكاتەوە و سەری خۆی دادەنەوێنێت و بادەداتەوە و لە هەڵوێستەكانی پێشووتری پاشگەز دەبێتەوە و سازشكارانەتر و لاوازتر دەچێتە پێشێ.
هێرش و جەنگی توركیا، دژی كورد و ناوی كورد و وشەی كوردستانە، نەك تەنێ پەكەكە. ئەگەر هاتبا و پەكەكە لە بەسرە و دیوانییە و ناسرییە و (ڕەمادی)ی عیراق بووایە و قەندیل لەو دەڤەرانە بووایە و سنووری توركیایش هەر وەك ئێستاكە بووایە، ئەوا توركیا هەردەچووە سەریان و هەوڵی لەنێوبردنیانی دەدا، وەك كە لە بیقاع كردی، بەڵام ئەگەر سنووری توركیا لەگەڵ ئەو دەڤەرانەدا (بەسرە، دیوانییە، ناسرییە و ڕەمادی) بووایە و ئەو دەڤەرانەیش هەر وەك ئێستاكە عەرەبنشین بووایەن و پەكەكەیش عەرەب بووایەن و لەبری (پەكەكە) ناویان (پەعەعە) یا هەر شتێكی دیكە بووایە، ئەودەمی توركیا ئەم گێچەڵەی ئێستا بە كوردی دەگێڕێت، بە عەرەبی نەدەگێڕا و هەرگیز نەیشیدەتوانی وا سووك و ئاسان هەڕەشەی هێرش و پەلامار بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە بدات و نەیشیدەوێرا بیكات.
سەركردەیەتیی سیاسیی باشووری كوردستان، كە هەر بەناو یەك سەركردەیەتییە و تەنێ كاسەی پڕ و بەرژەوەندە ئابوورییەكان یەكی خستوون، دەنا لە ڕاستیدا هەر یەكێك لە سەرانی لە ئاوازێك دەخوێنن و چ یەكهەڵوێستییەك لە گوتارەكانیاندا وەدی ناكرێت.
زۆر لەمێژ نییە، مەسعوود بارزانی، هەڕەشەی باسكردنی ئامەد و باكووری كوردستانی لە توركیا دەكرد، ئەگەر بێتو توركیا لە سەر هەڕەشەی بەردەوام بێت. توركیا بەردەوام بوو و بەردەوامیشە و باسی ئامەد و باكووری كوردستان نەك هەر لە لایەن مەسعوود بارزانییەوە، بەڵكە لە لایەن هیچ یەكێك لە بەرپرس و دەسەڵاتدارانی كوردەوە نەهاتە سەر زاران! نەك هەر ئەوە بەڵكە توركیا هێندە سووكایەتی بە سەرانی كورد و سەركردەیەتی كورد كردووە و دەكات، كە هەرچەندە كێشەی پەكەكەیش پێوەندی ڕاستەوخۆی بە خاكێكەوە هەیە، سەركردەیەتی كوردستان ئەمڕۆ دەسەڵاتی بە سەریدا هەیە، هێشتایش ڕاستەوخۆ لەگەڵیاندا دانانیشێت و گوتوبێژیان لەگەڵ ناكات و تەنیا ڕوو لە عیراقییەكان دەكات. لەو شاندە عیراقییانەشدا، كە لە ئەنكەرە لەگەڵ توركدا دانیشتبوون، توركیا ڕێگەی بە

نوێنەرانی کورد نەدەدا، کە بەشداری بەشە لەشکری و نهێنییەکانی جڤینەکان بکەن و هەم شاندەکە و هەم سەرانی کوردیش، ئەو سووکایەتییەیان هەم لە تورک و هەم لە عیراقییەکانی هاوەڵیان قەبووڵ کرد، کە ئەگەر ڕێزەیەک غیرەت و بوێرییان هەبووایە، ئەو سەرشۆڕییەیان پێ قووت نەدەدرا و دەسبەجێ خۆیان لەو شاند و جڤینانە دەکێشایەوە و لەگەڵ عیراقییانی دەسەڵاتیشدا دەیانکرد بە هەرا.

هەندێکی تر لە سەرانی کورد هەڕەشەی بەکاربردنی چەک و جەنگیان دژ بە تورکیا دەکرد!

(جەلال تاڵەبانی) یش وەک پیشەی هەمووده‌می، لە کوێ بووبێت بە گوێرەی دڵی ئەو خەڵکە و ئەو شوێنە پەیڤیوە و دەپەیڤێت. لە هەندێک قسەوباسیدا داوای چەکفڕێدان و دەستبەرداربوونی جەنگ و خەباتی چەکداریی لە چەکدارانی پەکەکە کرد و داوای لێکردن ئەوانیش، وەک دیموکرات (دیموکراتەکان: چونکە ئێستاکە دووان) و کۆمەڵە (کۆمەڵەکان: چونکە ئێستاکە دووان) ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە ئێستا چوارن، دانیشن و خەباتی سیاسی بکەن. بۆ سەلماندنی قسەکانی خۆی باسی ئەوەی کرد، کە سەردەمی جەنگی چەکدار و سەردەمی گیڤارا بە سەر چووە!

ئەو بیروباوەڕەی، کە پێیوایە جەنگی چەکدار باوی نەماوە و بلا پەکەکە چەک فڕێ بدات و لەگەڵ تورکیادا گوتوبێژ بکات و بکەوێتە خەباتی سیاسییەوە، کە ئەمڕۆ لە لایەن سەرانی کورد و ڕەدووکەوتووەکانیانەوە، دەخرێتە بازاڕاوە و لە نێو خەڵکدا برەوەی پێدەدرێ، قەوانێکە تورکیا بۆ خۆی پەخشی دەکاتەوە و تێزێکە لە بیروباوەڕ و دیدی کەمالیزمەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەو قەوانە هەر ئەو قەوانە سوواوەیە، کە فەتحیستەکانی فلستین لە سەردەمی (عەرەفات) ەوە و بە کاریگەری ئیسرائیل بۆ خەڵکی فلستینی لێدەدەن.

ئەوەی داوای چەکدانان لە پەکەکە دەکات، دەبوو ئەوەی زانیبا، کە هیچ مرۆڤێکی ئەم جیهانە، هەر لەخۆڕا و بۆ خۆشی دەست ناداتە چەک، ئەگەر گوشارێکی نەخرابێتە سەر یا تەنگاو نەکرابێت یا بارێکی تایبەت ناچاری نەکردبێت، مەگەر بۆ خۆی مرۆڤێکی نەخۆش بێت و بۆ مەبەستی کوشتنی لەخۆڕای خەڵک یا تاڵانکردن و جەردەیی و ڕووتکردنەوەی خەڵک یا بۆ ڕاوەئاژەڵ، وەها کارێک بکات.

ئەگەر بەها و گرنگی و هێژایی و بایەخ و تایبەتمەندییەکانی ژیان بەگوێرەی پلە و پایە و نمرە و ڕیزی گرنگییان و ڕادەی داکۆکی مرۆڤ لێیان ببەشینەوە و لە ژێرڕا پێیاندا هەڵکشێین بەرەو سەرێ، ئەوا دەبنە سێ بەشەوە:

پلەی سێیەم(گرنگ) ، پلەی دووەم(گرنگتر) و پلەی یەکەم(گرنگترین).

پلەی سێیەم(گرنگ): کاری چاکە و کۆمەک، ڕێکوپێکی و پاک و خاوێنی و پشوودرێژی(تەحەموول، تۆلێرانس)، دەگرێتەوە. ئەم بەهایانە گرنگن، بەڵام لە سەر تاکەکەس بۆ خۆی ڕاوەستاون و پتر پرسێکی کەسەکین.

پلەی دووەم(گرنگتر): خۆپێشاندان و ڕێپێوان، ناڕەزایی دەربڕین، مانگرتن، داکۆکیکردن لە سامان و موڵک و دارایی و پاراستنی بیروباوەڕ و بۆچوون، دەگرێتەوە. بەهاگەلێکن مرۆڤ ئامادەیە خەباتیان بۆ بکات و خۆی لە پێناویاندا بخاتە سەختییەوە.

پلەی یەکەم(گرنگترین): منداڵ، ئازادی، باوەڕی ئایینی و وڵات، دەگرێتەوە. بەهاگەلێکن مرۆڤ ئامادەیە لە پێناویاندا بمرێت و خۆی بەکوشت بدات. ئەو کەسەی لە پێناوی ئازادی و وڵات و باوەڕدا دەمرێت، لە دیدی خۆی و ئەوانەی وەک خۆی بیردەکەنەوە، قارەمان و شەهیدە، لێ لە دیدی نەیارانیشیەوە توندڕۆ و مرۆڤکوژ و پیاوخراپە.

ئەو چەکهەڵگرتنەی پەکەکە(کە بۆ زارۆک، ئازادی و وڵاتە) و هەموو بزاڤێکی شۆڕشگێڕی ئەم جیهانە دەکەوێتە خانەی پلەی یەکەمەوە، کە بە لای زۆرینەی خەڵکەوە، گرنگترین بەها و شتگەلێکی ئەم

جیهانەن و پەکەکەیش کارێکی پێچەوانەی ئەوەی نەکردووە، بەڵکە هەروای کردووە.
داوای ڕامالینی چەکی پەکەکە و چەککردنیان، کە ڕێک دەکەوێتە چوارچێوەی ئارەزووەکانی تورکیاوە، داوایەکە بۆ خۆبەدەستەوەدان و دەستبەرداربوون لە مندالی کورد، ئازادی خەلکی کورد و ولاتی کوردستان، کە خەلک لە پێناویاندا ئامادەی مردنن و پەکەکەیش هەروای کردووە، خواستێکی دێرینی تورکیا و هەموو نەیارانی کوردە.
چەک دوا ئامرازە مرۆڤێکی هۆشیار و خودان ئاوەز دەستی بۆ دەبات، ئەویش ئەودەمەی ئیدی تەواوی ڕێگەکانی دانوستاندن دادەخرێن و هیچ تروسکاییەک لە گۆڕێدا وەدی ناکرێت. ئەوەی پەکەکەی ناچار کردووە بۆ هەلگرتنی چەک و یاخیبوون، هەلوێست و دیدی تورکیایە لەهەمبەر کوردستان و خەلکی کورد.
هەلوێست و دیدی تورکیا، کار دەکاتە سەر، ڕەوتاری تورکیا،
ڕەوتاری تورکیا، کاری دەکاتە سەر، هەلوێست و دیدی کورد،
هەلوێست و دیدی کورد، کار دەکاتە سەر، ڕەوتاری کورد،
ڕەوتاری کورد، کار دەکاتە سەر، هەلوێست و دیدی تورکیا.
ئەم هەلوێست و دید و ڕەوتارە، لە جوولانەوەیەکی بازنەییدا کاریگەرییان لە سەر یەکدی دەبێت. هەلوێست و دیدی تورکیا، کە وەک دوژمن و پیاوخراپ نۆڕیویەتی و دەنۆڕێتە کورد، کاری کردووە و کار دەکاتە سەر ڕەوتارەکانی و ڕەوتارێکی دوژمنانە لەهەمبەر کورد ئەنجام دەدات. ئەو ڕەوتارە دوژمنانەیەی تورکیا، کار دەکاتە سەر هەلوێست و دیدی خەلکی کورد، کە ئەوانیش وەک دوژمن بنۆڕنە تورکیا. هەلوێست و دیدی دوژمنانەی خەلکی کوردیش بەرانبەر تورکیا، کار دەکاتە سەر خەلکی کورد بەوەی، کە ڕەوتارێکی دوژمنانە و توند لەهەمبەر تورکیادا ئەنجام بدەن. ئەو ڕەوتارە توند و نەیارانەی کورد، کار دەکاتەوە سەر هەلوێست و دیدی تورکیا، کە بۆ هەمیشەیی ڕقی لە کورد ببێتەوە و هەر بە نەیار و شەڕانی و خراپی بزانێت. ئەم بازنەیە بێکۆتاییەی هەلوێست و ڕەوتارە، بە دووی یەکدا دەخولێنەوە و ڕاوی یەکتر دەنێن و ڕق و تووڕەیی و سڕینەوەی ئەوی دی دەئافرێنن و دەهێننە ئاراوە. لەم حالەتەی تورکیا و کورددا، تورکیا بۆ خۆی بنەمای ئەو ڕق و هەلوێستە دوژمنانەیە، نەک کورد، چونکە تورکیایە دەسەلاتدارە و خاوەن دەولەت و هێز و لەشکرە و تورکیایە ولاتی کوردی داگیرکردووە.
ئەوی داوای چەکدانان لە پەکەکە دەکات، دەبوو بە دووی سەرەداوەکاندا گەڕابا و بیزانیبا، کە تورکیایە پەکەکە و خەلکی کوردی ناچار کردووە بەوەی دەست بدەنە چەک و دەبوو بۆ هۆیەکانی چەکهەلگرتن گەڕابایەوە و دەبوو باسی بنجوبناوان و بنەما و بەرایییەکانی کێشەکە بخاتە بەر باس و بدا بە گوێی تورکیادا. تورکیا هۆ و سۆنگە و سازکەری کارەکەیە و چەکهەلگرتنی کورد و پەکەکەیش بەرکار و وەلامدانەوەی کارەکەن و ئەنجامی گوشاری تورکیان.
ئەوی داوای چەکدانان لە پەکەکە دەکات، بۆ خۆی چەکدانانی نسکۆ و هەرەسی 1975ی بە (ئاشبەتال) نێو دەبرد و ئێستایش دەیەوێت ئاشبەتال بە پەکەکە بکات و بە کورد بلێ بۆ هەمیشە مالئاوایی لە چەک بکەن. ئەوی وەها داوایەک لە پەکەکە دەکات، دەلێی تورکیا و تورک ناناسێت. تورکیایەکی کەمالیستی فاشیستی نەژاپەرستی شۆڤینیست، کە دان بە بوونی کورددا نانێت و وشەی کورد یا کوردستان لە زاری یەک بەرپرس و دەسەلاتدارییەوە نایەتە دەرێ و هیچ زمانێک تێناگات، چ ئاوەزێک هەیە، ئەوە پەسەند بکات، کە گوتوبێژی لەگەلدا دەکرێت! پەکەکە دەیان جار جەنگی ڕاگرت و ئاگربەستی کرد، لێ تورک خۆی لێ گێل کرد و باشتر کوردستانی وێران دەکرد. چەکدانانی پەکەکە بە هەموو پێوەرێک دەکاتە نەک هەرەس و نسکۆ و نازانم چی دیکە، بەلکە (ئاشبەتال)ێکی زل و زەلام.

داوای چەکفرێدان لە پەکەکە، لە لایەن سەرانی کورد و کاسەلێس و تووتییەکانیانەوە، دید و چارەسەرێکی تورکیایی و تورکانەیە بۆ کێشەیەک، کە تەنیا کێشەی تورکیا و پەکەکە نییە، بەڵکە کێشەی گەلێکی بێ ماف و چەوساوە و داپڵۆسێنراو و سەرکوت و دەمکوتکراوە، کە وەک هەموو خەڵکێکی ئەم جیهانە مافی ژیان و ئازادی هەیە و تورکیا خۆی لێ گیل و نەبان دەکات و قڕانی دەکات و دەیتوێنێتەوە.

تورکیا ئێستایش بەتەمای لکاندنی ویلایەتی مووسڵە (کە هەموو باشووری کوردستان دەگرێتەوە) بە تورکیاوە. تورکیا مرخی لە کەرکووک خۆشکردووە و ئەگەر کورد خاوەنی ئەم سەرکردەیەتییەی بێت، تورک ئەگەر داگیریشی نەکات، ئەوا دەیکاتە و دەبێتە پێتەختی دەڤەرێکی ئۆتۆنۆمی، فیدراڵی بۆ تورکمان یا لکێندراو بە تورکیاوە. تورکیا سەرسەختترین دوژمنی کوردستانە و بە هەموو شێوەیەک دژی کوردە و هەموو جۆرە شێوازێکیش دەگرێتە بەر بۆ سەرپێشۆرکردنی کورد.

سەرانی کورد، ئەگەر پژمە و کۆخە و بایەکیان لێ بەربێتەوە، دەسبەجێ مشەخۆر و کاوێژکار و تووتی و کاسەلێس و دابەستە و گەندەڵ و "ڕۆشنبیرانی دەربار" و ویعازوسسەلاتین (وعاظ السلاطين)ەکانی دەستوپێوەندیان و گرێدراوانی دەسەڵاتەکەیان، بە ڕۆژان و حەفتان و مانگان درێژەی دەدەنێ و نانی پێوە دەخۆن و گیرفانی پێ پڕ دەکەن و قەل ئاسا و قاز ئاسا، دەیکەن بە قیرەقیر و قیژە و دەیقۆزنەوە و دەیان لێکدانەوە و پاساوی بۆ دەهێننەوە و بە دەیان جۆر دەیخوێننەوە و شیبیدەکەنەوە.

تێزی بەسەرچوونی سەردەمی گیڤارا و ماو و هۆ شی مینە و جەنگی چەکدار، تێزێکە سەرمایەداری جیهانی و تاچچەریزم و ڕێگنیزم و لیبراڵیزمی نوێ و بووشیزم و بازاڕی ئازاد و ئابووری بازاڕ و جیهانی یەک جەمسەرە و جیهانگەری، کە هەموویان چەند ناوێکی جیاوازن بۆ یەک شت، برەوی پێ دەدەن و دەیانەوێت بە سەر هەموو جیهانیدا بسەپێنن. ئەوروپا و ئەمەریکا و سیاسەتی فەرمیی نێودەوڵەتی سالانی جیهانی یەکجەمسەرە، ڕێکخراوگەلێکی وەک ڕێکخراوی لەشکری کۆماریی ئایرلاند(IRA)ی و ڕێکخراوی لەشکری سوور(Brigate rosse)ی ئیتالی و ڕێکخراوی بادر ماینهۆف(Baader- Meinhof)ی ئەڵمانی و ڕێکخراوی و باسکستان و ئازادی(ETA) و لەشکری ئازادی نیشتمانیی زاپاتیست(EZLN) ی دەڤەری (چیاپاس)ی مەکسیک، کە ڕێکخراوگەلێکی ئازادیخواز بوون و ئازادیخوازن، تەنیا لە پێناوی پاراستنی سەرمایە و بازاڕی ئازاددا، کپ کرانەوە. ڕەنگە لە وڵاتگەلیکی وەک ئەوروپادا گۆڕینی خەباتی چەکدار بۆ گوتوبێژ تا ڕادەیەک بخوات و کاری پێ بکرێت، بەڵام ئەوە لەگەڵ تورکدا هەرگیز ناخوات و تورک لە وەها شۆخییەک هەرگیز تێناگات.

ئێستاش پڵنگەکانی تامیل لە سیریلانکا و ماویستەکانی نیپاڵ و حیزبوڵلاهییەکانی لوبنان و حەماسییەکانی فلستین، بزاڤگەلێکن چەکیان فڕێ نەداوە و دژی نەیارەکانیان بەکاری دەبەن. هیچ یەکێک لە نەیارەکانی تەواوی ئەو بزاڤە چەکدارییانە بە ڕێکخراوی (ETA) و (IRA) و بادر ماینهۆف و لەشکری سووریشەوە، هێندەی نەیارەکەی پەکەکە و کورد، کە تورکیایە، دڕندە و سەرسەخت و توندوتیژ نەبوون و نین.

هەن پێیانوایە، گوشاری ئەمەریکا یا خەڵکی تر، تورکیای سارد کردەوە لە هێرش کردن.

هەن پێیانوایە، دەلاقەیەک ڕووناکی لە سیاسەتی تورکیادا وەدی دەکرێت و ئاوەز لە ئەنکەرە و ئیستەنبول جێی کەللەشەقی و سەرگەرمی دەگرێتەوە.

هەن پێیانوایە، بەوەی تورکیا بەرەو یەکیەتیی ئەوروپا دەچێت، ئیدی ڕەوشی کورد لە باکووری کوردستان دەگۆڕێت و تورکیایش نەرمونیانتر لەگەڵ کورددا بەگشتی هەڵسوکەوت دەکات.

سەرانی باشووری کوردستان، لەبەر بەرژەوەندەکانی خۆیان و بۆ پاراستنی پێوەندە توندوتۆڵەکانی خۆیان لەگەڵ تورکیادا، بە هەموو جۆرێک ملکەچی هەڕەشە و خۆگێفکردنەوەی تورکیان.

تورکیا بە هەندێک گەف و دەنگەدەنگ، هەموو ئامانجەکانی خۆی ئەنگاوت و هەر لە ڕێگەی سەرانی باشووری کوردستانەوە، ئەوەی دەیویست، وا بەرەبەرە ئەنجامی دەدات.

بارەگاکانی پارتی چارەسەر، کە هەواداری پەکەکەن دادەخرێن.

ئابلۆقەی ئابووری و هاتووچۆ و ڕاگەیاندن دەخرێتە سەر پەکەکە و بنکەکانی قەندیلیان و بەرەبەرە هەوڵی وەدەرنان و چووڵکردنی قەندیلیان پێ دەدرێت.

سەربازە دیلەکانی تورکیا، کە لەکن پەکەکە دیل بوون، سووک و ئاسان و مفت و بێ هیچ مەرجێک بە هۆی سەرانی کوردی باشوورەوە، ئازاد کران و ساغ و سەلیم درانەوە دەست تورکیا.

یەک هەنگاو، یەک دەنگ، یەک جووڵەی دژە تورکیا، نە لە ڕاگەیاندن و میدیا و دەسەڵات و بوارە فەرمییەکاندا و نە لە بازاڕ و جادە و بازێڕ و لەنێو خەڵکی کوردی باشووردا، دوای ئارامبوونەوەی ئەو کەفوکوڵە، نەما و سەرانی کورد وەک بەشێک لە سازش و خۆشلکردن بۆ تورکیا، هەموویان هێور کردەوە.

چەقەنە و زوڕنالێدان، بۆ کاڵا و شتومەکی تورکیا، بێ هیچ ڕاوەستان و کەمبوونەوەیەک، لە هەموو تەلەفزیۆنەکانی کوردستانەوە هەر بەردەوامە و خەڵکی کوردستانیش لە کڕین و فرۆشتنی خۆیان لەگەڵ تورکیادا نەکەوتوون و کاڵای تورکیا هەر بەکار دەبەن و خۆراک و خواردنەوەی تورکیا هەر دەخۆن و نۆش دەکەن و کووتاڵی تورکیایش هەر دەپۆشن و لەگەڵ کۆمپانیاکانی تورکیاشدا هەر هاوکاری دەکەن و چ ساردییەکیشیان لەکن وەدی ناکرێت.

تورکیا، بەرەو یەکیەتیی ئەوروپا بچێت یا نەچێت و لە هەڕەشەکانیدا هێور بووبێتەوە یا نە، هەرگیز لە دژایەتیکردنی خەڵکی کورد و وڵاتی کوردستان، کەم ناکاتەوە.

دڵخۆشبوون بەوەی تورکیا و بەرپرسانی نەرمی دەنوێنن و قسەی ئارام دەکەن یا بزە و خەندە و گوڵباران و ڕۆشناییەک لە تورکیای کەمالیستانەوە، بە کورد ببەخشرێت و بە سەر کورددا ببارێنرێت، خۆگێلکردنە لە سروشتی تورکیا وەک دەوڵەت و سیاسەت و لە تاریکایی و ژار و کیمیایی و قڕکردن و تواندنەوەیش زیاتر چ مزگێنییەکی دیکەی بۆ کورد، پێ نییە.

ئەمەریکا بە ئاشکرا هاریکاریی تورکیا لە دژایەتیکردنی پەکەکەدا دەکات و هەموو زانیارییەکی سیخوڕییانە لەمەڕ پەکەکە و جموجووڵ و بنکە و مەکۆکانیانەوە دەداتە تورکیا و وەک تورکیاش پەکەکە بە دوژمنی خۆی دەزانێت. سەرباری ئەوانەش ئەمەریکا بە تورکیا ناڵێ:" نابێ هێرش بکەیت"، بەڵکە دەڵێ:" هێرش مەکە". لە نێوان ئەو دوو گوتنەشدا جیاوازییەکی مەزن و بەرین هەیە. ئەمەریکا بە فلستینییەکان دەڵێ:" نابێ دژی ئیسرائیل بجەنگن". ئەمەریکا بە ئێران دەڵێ:" نابێ چەکی ناوکییت هەبێت". ئەمەریکا بە کووبا دەڵێ:" کاسترۆ دیکتاتۆرە و ڕێژیمی کووبا دەبێ بڕۆخێ". ئەمەریکا بە تورکیای نەگوتووە:" نا، نابێ، نەء". دڵخۆشی کورد بە بەڵێنی ئەمەریکا نیشانەی مایەپووچی سیاسەتی سەرکردەیەتیی کوردە.

ئەمەریکا و یەکیەتیی ئەوروپایش، لە باشترین حاڵدا، بێجگە لە کەچەمافێکی فەرهەنگی و زمان و خوێندن، هیچی دیکە بە باکووری کوردستان ڕەوا نابینن.

دەسەڵاتدارانی عیراق و عەرەبی عیراق و هەموو وڵاتانی عەرەبیش، هەر لە دژی ئەو دەڤەرە خودان نیبچە سەربەخۆیەی باشووری کوردستان، هاوسۆزی تورکیان و قسە و کردەوەکانیان لەگەڵ سەرانی باشووری کوردستاندا یەک دەگرنەوە.

چەکدانان و دەستبەرداربوون لە خەباتی چەکداری وەک سەرانی کورد و کاوێژکارانیان بانگاشەی بۆ دەکەن، تەنیا خۆبەدەستەوەدانە. ئەوان دەیانەوێت پەکەکەیش بە دەردی چەکدارەکانی خۆیان بەرن، کە ئەوەی پێ دەگوترێ گیانی بەرەنگاربوونەوە و خۆڕاگریی لە کنیان نەماوە.

ڕەنگە تاکە هەڵەیەک لە خەباتی چەکداریی پەکەکەدا، کە هەبێت ئەوە بێت، کە جەنگی چەکداری خۆی لە کوردستان چ باشوور و چ باکووری ناگوێزێتەوە بۆ ناو خاکی تورکیا، مەبەستم تورکستانە گواستنەوەی ئەو جەنگە بۆ ئەنکەرە و ئیستەنبووڵ و ئیزمیر و بازێڕە تورکیاییەکانی دیکە، تورکیا لە سیاسەتی چەوت و ڕەگەزپەرستانەی خۆی ئاگادار دەکاتەوە و خاستریش تێیاندەگەیەنێت، کە ئازار و ئێش و ماڵوێرانی چییە و کوردستانیش لە وێرانبوونی دوور دەخاتەوە.

ئەوی دەڵێ جەنگی چەکداری و بیروباوەڕی گیڤارا، ماو یا هۆ شی مینە، کاتی بە سەر چووە و باوی نەماوە، ڕێگە لە کورد دەگرێت و خەڵکی کورد چاوبەست دەکات و ورە و هێزی گەلی کوردستان دەڕووخێنێت و دەرگا لە خۆی کڵۆم دەکات و دیوار و بەربەست بۆ خۆی ساز دەکات، بۆ ڕۆژێک، کە ڕەنگە لەگەڵ داگیرکارانی کوردستاندا، هیچ زمان و قانوون و ئاوەز و ژیرییەک وەدەرد نەخوات.

ئەوی ئەگەری خەباتی چەکدار وەلا دەنات، ئالای سپی هەڵدەکات و خۆ دەداتە دەستەوە.

ئەوی جاڕی مەرگی خەباتی چەکداری و جاڕی مەرگی گیڤارا و گیڤاریزم دەدات، جاڕی مەرگی کەرکووک و مووسڵ و دیالە و کووت و هەموو دەڤەرە داگیرکراوەکانی دیکەی باکوور و و ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای کوردستان دەدات، کە هیچ قانوونێک نایانخاتەوە سەر کوردستان و لە داگیرکاران ڕزگاریان ناکات.

جاڕی مەرگی جەنگی چەکداری، جاڕی مەرگی هەموو ستەمدیدە و چەوساوە و بەشخوراوانی جیهانە.

جەنگی چەکداری و بیروباوەڕی گیڤارا و ماو هۆ شی مینە، تا ئەو ڕۆژەی نادادی و نایەکسانی و نابەرابەری و چەوساندنەوە و مافخوراوی و ستەم و هەژاری و داگیرکردن لە سەر ڕووی ئەم زەوییە هەبێت، هەرگیز سەردەمیان بەسەر نەچووە و بەسەریش ناچێت.

تا سەرمایەداری هەبێت، بیروباوەڕی گیڤارا هەر دەمێنێت و جەنگی چەکدارییش بەشێکی دانەبڕاو دەبێت لە خەباتی چەوساوان و مافزەوتکراوانی جیهان.

ئێمیلیانۆ زاپاتا سالازار( **Emiliano Zapata Salazar**)ی ڕێبەری شۆڕشی (مەکسیک)ی ساڵی 1910، دەڵێ:"باشترە بە سەر پێوە بمرێت لەوەی بە سەر ئەژنۆوە بژیت".

2007-11-30